# ئاسۆ و ڕەهەندە زانینییەکانی فەلسەفە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

(١ - ٢)

دوای ئەو گـۆڕانە سـەرتاپاگـیـرەی کـۆڕی ڤـیـەنناى ئەزمـوونیی (ئیـمـپـریزمی) لۆجـیکی لە ڕوخـسـار و ناوەرۆکی فـەلسـەفـەدا کـردوویەتی کـە بریتی بووە لە جۆرێکی دوورخستنەوە، هەندێک لەو کێشانەی فەلسەفە و لق و بابەتەکـانی گـرتۆتەوە کـە هیـچی تر لە کـردن نەهاتووە بە ئامرازە کلاسیکییەکان یەکلایی بکرێنەوە، وا سـووک و ئاسـان نەمـاوە بابەتەکـانی «زانین» وەک تیـوری و پرۆسە بە ئاسۆ و ڕەهەند و ئامـانجـەکـانییـەوە بەشێوەیەکی ورد و ڕوون و ڕێکوپێک دیار و دەستنیشان بکرێن، سـەرەڕای ئەوەی فـەلسـەفـە خۆی چەند کـایە و بابەت و لقێکی دیکەی پێ سپێردراوە و نوێن و جاران و پێشتر نەیبوون، بوون بە ڕکابەری بابەت و ئامرازەکانی تیـوری زانین، بە تایبـەتی مـەبەسـتی بابەتی «تیـوری زانسـتـە» کە پێـشـتر سەر بە فـەلسـەفە نەبووە! ئینجا لەلایەکی دیکەوە لۆجـیک بە هەردوو بەشـیـەوە، ڕوخـسـارەکی و پراکـتـیکی و ئامـرازە بەلایەکـدا خەرانەکەی: شیکردنەوەی لۆجیکیانەی زمـان، بووە بە ڕکابەری سەرەکی تیوری زانین، بگرە ئەو لافەی لێ داوە، بەپێی بۆچوونی هەندێک لە ڕابەر و ئەندامـانی کـۆڕی ناوبراو، کە خۆی بە تەنیا فەلسەفەیە!!

دوای کـۆچی دوایی پێشـەنگی گۆڕەپانی فـەلسـەفـەی ئایدیالیستی ئەڵەمان هیگڵی مەزنساڵی (١٨٣١ز) و ئەو نەهامەتییەی بەسەر فەلسەفەدا هاتووە، ئەو ڕووداوە کـراوە بە بەڵگە و بیـانوو بۆ سـەرلەنوێ گـیـان بە بەردا کـردنەوەی فـەلسـەفـە بەو پێـیـەی کە سـەرچاوەیەکی بایەخـداری زانین و کـایەیەکی چالاکی هزری مـرۆڤ و شـارسـتـانییـەتە و ناکرێ دەستی لێ هەڵبگیرێ، بگرە پێویسـتـییـەکە لە پێداویسـتـییـەکانی پێشکەوتنی

رۆشنبیری و کولتووری و زانستین بە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە. لەگەڵ ئەو دۆخەدا ئاراستە و ڕێبازەکانی و فەلسەفە لەنێو خۆیاندا ناکۆک بوون دەربارەی پلەوپایە و ئەرک و ڕۆڵ و بابەتەکانی تیوری زانین لە چوارچێوەی گشتی فەلسەفە نوێیەکەدا، لە کاتێکدا ئەندامانی ڕێبازی فەلسەفەی کانتیانیزمی نوێی ماربورگ بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر هیرمان کوهن و پاول ناتۆرپ لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ فەلسەفە لە چوارگۆشە تەسکەکەی تیوری زانیندا چالاک و دەستبەکار بێت و سەرگەرمی تاووتوکردنی کێشە و بابەتی «ڕاستی و دروستی بوونی جیهانی دەوروبەر بێ» (١)، لەگەڵ چەند لقێکی دیکەی پەیوەست بە کایەی زانینی فەلسەفەیی(٢)، ئیدمۆند هۆسرەل و لایەنگیرانی لەلای خۆیانەوە ئەو بوونەی جیهانی دەرەکی دەوروبەریان خستۆتە نێو دوو کەوانەوە و لە بارەیەوە ئارێ، یان نارێ بڕیاردانیان هەڵپەساردووە(٣). بەلای ڕابەرانی فەلسەفەی ئیمپیری لۆجیکییەوە هەردوو هەڵوێستەکە نازانستین و دەرفەتی هاتنەوەی میتافیزیک دەدەن، کەوابوو مەبەست لەو تیورییە زانینەی خەسڵەتی زانستی هەیە چییە؟! کامانەن بابەت و کەرەستەکانی؟ چ پێگە و مەڵبەندێکی لە چوارچێوەی گشتی فەلسەفەدا هەیە؟! هەوڵ دەدەین لە دوو تەوەردا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە:

**تەوەری یەکەم: سروشت و ڕاستەقینەیی زانین**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، پشت ئەستوور بە بنەماکانی جیهاندیدی فەلسەفەی ڕێبازی کۆڕی ڤیەننای ئیمپیری لۆجیک وا پێویست دەکات:

**یەک:** بە وردی و شیکارییانە سەرنجێکی ڕەوتی نەسرەوتی پرۆسەی پەیدابوون و پەرەسەندنی زانینی مرۆڤایەتی بدەین.

**دوو:** بیروبۆچوونی ئەو بزووتنەوەیە دەربارەی دوا ڕۆژ و چارەنووسی فەلسەفە تاووتو دەکەین.

١- هەر لە سەرەتاوە کە مرۆڤ لەسەر زەوی هەستی بە بوونی خۆی کردووە، سوودی لە تێگەیشتن و ژیری خۆی بینیوە بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیهانی دەرەکی دەوروبەری و ڕووداو و دیاردە سروشتی و بوونەوەرە هەمەجۆرەکان و ناسینی خۆی. بۆ ئەو مەبەستە چەند ئامرازێکی تایبەتی داهێناوە کە دواتر بە «زانین»



ئیدمۆند هۆسرەل

ناسراوە. لە دەستپێکدا، بە سایەی تێبینی هەستەکی بەردەوام و یەک لەدوای یەکی دیتنەکانی، باشترین ڕێگا، ئامرازی کۆکردنەوەی داتا و هاوردە و زانیاری دۆزیبوەتەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕوودانی دیاردەکانی سروشتەوە هەیە و دەکرێ ببێ بە مایەی لێکدانەوە و تێگەیشتنی دەوروبەر. لەو تێگەیشتنەدا جۆرە هۆکارێکی ڕەواندنەوەی ترس و نیگەرانی و دڵنیایی بوون و ئاسوودەیی ناخی دەروونی خۆی بەدی کردووە.

لە قۆناغێکی دواتردا، لە ئەنجامی بەرەو پێشچوون و جۆرە پەرەسەندنێکی توانایی زانین و پەی پێ بردندا، مرۆڤ توانیویەتی پەی بەو پێوەندییە جۆر بەجۆرانە بەرێ کە هەڵکەوت و ڕووداو و هەلومەرجەکان بە یەکەوە دەبەستنەوە، ئەمە ئەو قۆناغەیە کە ڕێگای خۆش کردووە و زانینی مرۆڤ وەک پرۆسەیەک ئەگەر سادە و ساکاریش بووبێ، بگاتە ئەو ئاست و ڕادەیەی یەکێتی و یەکڕەنگی و پەیوەست بوونی یەکتری نێوان شمەکەکان و ڕووداو و بەسەرهات و قەوماوە هەمەجۆرەکان هەست پێ بکات و بیانزانێ کە بەرچاو و دید دەکەون، ئەوجار دوای ئەو هەنگاوە، هەنگاوێکی دیکە هاتۆتە پێش: پەی بە چەند چوارچێوە و دارشتنێک بردووە و پەردەی لەسەر لاداون، ئەمانە دواتر بە قانوون ناوبراون کە بەهۆی ڕووداوەکان

دەقەومێن و سەرئاودەکەون و پێوەندییەکانیان دیار و دەستنیشان دەکەن. ئەو پرۆسەیە دواتر ئەوەی لێکەوتۆتەوە، مرۆڤ بتوانێ دەسەڵاتی بەسەر سروشتی دەوروبەردا بشکێ و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و بۆ ئاسان کردنی کاروباری ژیانی و جێبەجێ کردنی مەبەست و ئامانج و مراز و ڕاز و نیازەکانی بەکاری بهێنێ.

– ئەگەر تێکڕای ئەو قۆناغەی زانین تێبینی و سەرنجدان و تاقیکردنەوە و شارەزایی خۆیی ڕۆژانە و چالاکی هەستەکانی وەک مەرجی سەرەکی پێویست کردبێ، ئەوە لە قۆناغی دواتردا کە بەدوایدا هاتووە، بوونی ئامرازە هێزێکی پێشکەوتووتری توانایی دەستگیر کردنی زانین و زانیاری پێویست کردووە کە توانایی ڕێکخستن و بیرکردنەوەی پتر بێ: «توانایی بڕیاردان» کە دواتر وشەی «ژیری» بۆ دانراوە.

– لە ئەفسانە و داستانە کۆنەکاندا و لە سەرەتای دەستپێکی نۆبەرەی فەلسەفەی یۆنان، بەڵگەی وا دەبینرێ کە دروستی ئەو بۆچوونە ساغ و پشتڕاست دەکاتەوە. ئەوەش ئەو بڕیارە دووپات دەکاتەوە و دەسەلمێنێ کە توانایی تێبینی و دیتنی مرۆڤی سەرەتایی لە پێش توانایی بیرکردنەوە و بڕیاردانییەوە هاتووە! ئەگەر ڕوونتر بدوێین، ئەو توانایی زانینەی لە چوارچێوەی ڕێبازی ئەزموونی- ئیمپیریدا دارێژراوە و خەسڵەتی ئەگەر و خەملاندن و گۆڕانی هەبووە و بە دابونەریت و دیاردەکانی هەستەکان پشت ئەستوور بووە لە پێش ئەو زانینەوە هەبووە کە لە چوارچێوەی ڕێبازی ژیرەکیدا دارێژراوە و سروشتی بیرکردنەوە و ژیرەکی و جێگیری و نەگۆڕی هەبووە.

– زانین بە هەردوو جۆری ڕێکوپێک و زانستییەوە چەند (تەرجیح) بەلادا شکاندنێکی ئیندەکشنی (ئیستیقرایین)، پشت بە چەند دەستەواژەیەکی هەواڵ بەخشی ڕاستەوخۆ دەبەستن(٤). زانست لەلای خۆیەوە سروشت شرۆڤە دەکات و لێکی دەداتەوە، بەڵام فەلسەفە بە ڕێگای شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەی زانستە ئەزموونییەکان پێی گەیشتوون و دەیدەنە دەست، تیوری زانین دادەنێ و ڕەنگرێژی دەکات.

– زانین لە چوارچێوەی گشتیدا، هەڵوێست دیاری کردن و بڕیاردانێکە کە بەسەر شتە زانراوەکەدا دەدرێ، کە لەخۆی شت زانەوە دەرچووبێ، ئەو پرۆسەیە سێ ڕەهەندی هەیە:

أ- خۆ (خودی)شت زان.

ب- بابەتە زانراوەکە.

ج – ئەو بڕیارەی لەو بارەیەوە دەدرێ و شتە زانراوەکە دیاری دەکات.

چەمک و بڕیارەکان ڕێگا و ئامرازی نەخشە ڕێگای ئەو زانینەن. ئەگەر مرۆڤ پەی بە بابەتێک برد، ئەوە لە نێویدا پەردە لەسەر پێوەندییەک لادەدات، ئەمەش لەخۆیدا بڕیارێک (حوکمێکە) ئارێ، یان نارێ دەبێت. بڕیارەکانیش لەلای خۆیانەوە پێناسەن، یان چەند حوکمێکی پێناسەکردنن، ئەگەر بە زمانی لۆجیک بدوێین: حوکمەکان شیکارین، یان لێکدراون.

شیکارییەکان هەمانگۆیین، بار دووبارەبوونەوەی ئەوەیە کە لە بابەتدا هاتووە، بەڵام لێکدراوەکان چەند بڕیارێکن ئەوەیان تێدایە کە بە دەستەواژەی هەواڵ بەخشی، بڕیاردان ناودەبرێن و سوودبەخشن و زانیاری نوێ بە کۆی فەرمانی زانین دەبەخشن، ڕاستی و ناڕاستیان دەکرێ بە پێوەری تایبەتی پشتڕاست بکرێتەوە. بڕیاری شیکاری بە پێچەوانەوە بە ناچاری هەمیشە ڕاستە و پێچەوانەکەی ناشیاوەکییە و ناگونجێ و لە کردن نایەت، چونکە شتێک ناڵێ پێوەندی بە هەڵکەوتی دەوروبەرەوە هەبێ و نابێتە مایەی پترکردنی زانین.

٢- زانین لە ڕابوردوو و ئێستا و لە دوارۆژیشدا کێشەیەک بووە لەو کێشانەی مێشکی مرۆڤی بەخۆیەوە خەریک کردووە و بەشێک بووە لە ژیانی، هەرواش دەمێنێ، ئەگەرچی ئامرازەکانی توێژینەوە و دەربڕی جیاواز و هەمەچەشنە بن، ئەو بابەتە هەمیشە بە جیاوازی قۆناغە جیاکانی پەرەسەندنی شارستانییەت و کۆمەڵگا لە چالاکی هزری و ژیری مرۆڤدا پشکی شێری بەردەکەوێ.

– ئەوەی لەو کایەیەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە ئەفسانە و داستان و ئایینە ناوچەییەکان، کە پێش پەیدابوونی فەلسەفە دەستبەکار بوون، ئەرک و فەرمان و ڕۆڵیان لەنێوان پێداویستییەکانی ژیان بە هەردوو پشکی «ماددەیی» و «زانین» لە بەدواداچووندا دابەش کردووە.

– لە کاتێکدا داستانەکانی بابل (گلگامێش) و کولتووری فیرعەونییەکان لە دۆڵی نیلی میسر لایەنە

ماددەییەکەیان هەڵبژاردووە و شرۆڤەیان کردووە و بە لێکدانەوە یەکلاییان کردۆتەوە، قسەیان لە نەمری کردووە، بەو بیانووەی کە بۆ دەبێ ماوەی ژیانی مرۆڤ دیار و دەستنیشانکراو بێ و ئەوی دەیکات هیچ و بێ هوودە بێ (ئەمە لە دیالۆگی ئاغا و کۆیلەدا لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینیدا هاتووە) مردنیش کە ئەوپەڕی دڵتەزێنە کە کۆتایی بەژیان بهێنێ!؟

– کەچی تەوراتی جوولەکە (تایەفەی مووسا) بابەتی زانینی هەڵبژاردووە، (هەردوو ئایینەکانی دیکەش بەشێوەیەک لە شێوەکان پەسندیان کردووە) سەرگوزشتەی ئادەم و حەوای هێناوەتە سەر خوانی باسکردن و قسەی لەو ئێش و ئازار و دەردی سەری و نەهامەتییە کردووە کە خواردن لە داری زانین (مەعریفە) بەسەری هێناون!

– ئەفسانە و داستانی گلگامێش نموونەیەکی سەرکەوتووی بەرجەستەکردنی ئاوات و ئامانجی مرۆڤی سەردەمی خۆی بووە! لە بیرۆکەی نەمریدا بەرجەستە بووە و کۆشاوە مەتەڵی ژیان و گرێ کوێرەی مردن و ژیانی دوای مردن و کێشەی چاکەکاری و بەدکاری و دادی ڕەببانی بەستایلی پەرەسەندنی هزری ئەو سەردەمە بکات بە کەرەستە و بابەتی قسەوباس کردن.

ئەو ئەفسانەیەی دانیشتوانی میسۆپۆتامیا «دۆڵی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات» بەشێوازی تایبەتی خۆی بابەتی ناچاریی مردنی مرۆڤ و بەدەست نەهاتنی نەمری و ژیانی هەتاهەتایی باس کردووە و وای بردۆتە مێشک و ناخی دەروونی خەڵکەوە کە قانوونەکانی ژیان و سروشتی دەوروبەر پەسند بکەن و ڕازی بن، ئەگەر بە ناچاریش بێ، بەوەی بەسەریان دێت، لە بەرانبەردا کارێک بکەن و شتێکیان لەپاش بەجێ بمێنێ کە دوای مردنەکەی بە نەمری(٥) لە یاددا بمێننەوە، چونکە مردن چارەنووسی ناچاری مرۆڤە و خواوەندەکان خۆیان ژیانی سەرمەدییان بۆ خۆیان داناوە و مردنیان لە چارەنووسی مرۆڤ نووسیوە(٦).

– ئەو چارەسەرەی ئەو داستانە بۆ گرینگترین کێشەی مرۆ، پێشکەشی کردووە، دەستنیشانکردنی هەڵوێستە بەرانبەر بەکارەساتی دڵتەزێنی کۆتایی هاتنی ژیان– مردن، کە چارەسەرێک بووە لەگەڵ ڕەوش و دۆخ و هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا هاتۆتەوە، ڕازی بوون بە ژین بە هەموو خۆشی و ناخۆشی و سەریەشە و



**ئەفلاتوون**

بەدبەختییەکانەوە و لە بەرانبەردا مرۆڤ کارێک بکات دوای مردنی لە یاددا بە نەمری بمێنێتەوە، ئەو هەرەمانەی فیرعەونییەکان لە میسر دروستیان کردوون و مۆمیاکردنی لەشی مردووان، ئەو جۆرە نەمرییەیان لەیاد و یادگاردا تۆمار کردووە، کەوابوو نەمری و ژیانی هەتا هەتایی تەنیا هەر بەشی خواوەندەکانەو مردنی ناچاری و یادکردنەوە چارەنووسی مرۆڤ بووە.

– ئەو ڕۆڵەی دواتر بە ئایینەکان سپێردراوە، تەورات (کتێبی پیرۆزی جوولەکەی عیبرانی) بە جوانترین شێواز و ستایل تۆماری کردووە: لە سفری پەیدابووندا قسە لە دوو درەختی نێو بەهەشتی عەدەن کراوە:

– درەختی ژیان.
– درەختی زانین.

دەربارەی یەکەمیان بێ دەنگە و هیچی نەگوتووە وەک ئەوەی بە ئاشکرا بڵێ: ئەفسانە و داستانەکان قسەیان لێ کردووە و یەکلاییان کردۆتەوە! دەربارەی دووەم، درەختی زانین، قسە دەکات و دەڵێ چۆن ڕەب «ئادەمی ڕاسپاردووە لەبەری هەموو درەختێک بخوات، تەنیا لەبەری درەختی زانینی چاکەکاری و بەدکاری نەبێ، چونکە ئەو ڕۆژەی لەبەری ئەو درەختەی خوارد، دەمرێ» (٧)، پتر لە سفری ناوبراودا باسی ئادەم و هاوسەرەکەی کراوە لە بەهەشتەکەدا و چۆن «مار» کە

«فـیـلـبـازترین زیندەوەرە کـە ڕەب لەسـەر زەوی دایهـێناوە»(٨). خـواردن لەبەری ئەو درەختـە ڕێگا نەدراوە، چونکە خواردنەکەی دەبێتە مایەی لە یەکچوون لەگەڵ ڕەب دا! مارەکە حەوا تەفرە دەدات و سەرپێچی لە ڕاسپاردەی ڕەب دەکات و لەبەری ئەو درەختە دەخوات! ئادەمـیش ڕازی دەکات لەو بەرە بخـوات(٩)! بۆیە ڕەب لە بەهەشـتی عـەدەن دەری کـردنە دەرەوە! «ئەگـەرچی قسەکەی تەورات ڕاست دەرنەچووە، نەمردوون، بەڵکو لە بەهەشت دەرکراون»، مـرۆڤ لە بەهەشت وەدەرنراوە و لە ڕۆژهەڵاتی عـەدەن جێگیر و نیشـتەجێ بووە، ئەگەرچی ناکۆکی زل و سەرنجڕاکێش لە تەورات دا هەیە «چۆن مار ڕێگا درا بچێتە نێو بەهەشت و بۆ ڕەب، ئەگەر مەبەستی نەبووبێ، مـاری داهێناوە «خـەڵقی کـردووە؟!» دەگـەینە ئەو ئەنجامانە کە تاڕادەیەک لە قسەی داستانی پێشوو دەچێ:

**یەک:** مرۆڤ بە لەش دەمرێ و لەناودەچێ، ئەو قسەیە لەلایەن هەندێک فـەیلەسـووفـانی ئیسـلام دووپات کراوەتەوە. ئیبن ڕوشدی ئەندەلووسی باوەڕی بە «حەشری لەش» نەبووە.

**دوو:** لە چوارچێوە و کایەی زانیندا، ئەگەر بە قسـەش بووبێ، بیرۆکەی مردن یەک خراوەو سڕدراوەتەوە: مرۆڤ لە لایەنی شت زانینی «مەعنەوییەوە» نەمر و سنووردارە و کـار و کردەوەی و ئەنجـامـەکـانی یادەکەی بە نەمری دەهێڵنەوە. ئایا ئەو ئەنجـامـە پێـوەندی نێـوان کێـشـەی بوونی مرۆڤ و زانین پشتڕاست دەکاتەوە؟! ئایا نەزانین لە خۆیدا پێویستییەکی ناچاریی ملکەچی و پەرستنە؟! هەرچۆنێک بێت، وەڵامی ئەو دوو پرسیـارە، زانیـاری و زانینی شت لە بڕیار و (حوکمدان) دەربارەی ئەوەی هەیە و ئەوەی نییە بەولاوە شتێکی دیکە نییـە، ئینجا هەر بڕیاردانێک لە (واقیع)(١٠) بەشێوەیەک لە شێوەکانی جۆرێکە لە زانین!!

**سێ:** ئەگەر مار لە داستانەکەی (گلگامێش)ی بابل دا سـەرچاوە و هۆکـاری نەهامـەتی و بەدکاری بووبێ، ئەو گـیـایەی نەمـریی گلگامـێش (مـرۆڤی) لێ دەکەوتەوە، دزیوبەتی و خواردوویەتی، مرۆڤی لەو بەهرەیە بێ بەش کـردبێ، لە تەورات دا بە پێـچـەوانەوە هانی حەوای داوە لە بەهەشـتـدا لەوبەرە بخوات و خـۆی نەیخـواردووە! ئەو خـواردنە واتای زانین و دەسـتگیـرکـردنی زانیـاری لە بەهەشتدا دەگەیەنێ! تەورات مرۆڤی نەزانی بە بەختەوەر داناوە. ئایا پشت ئەستوور بەوەی لە سفری پەیدابوونی تەوراتی جـــوولەکـــەدا هاتووە، زانین تەواوکـــاری ڕاستەقینەی بە ختەوەری مرۆڤە، یان پێچەوانەکەیەتی؟! هەرچۆنێک بێت، بە پێچەوانەی قسەی تەوراتەوە، ئادەم و حـەوا بەری دارەکـەیان خـوارد و نەمـردن، بەڵکو لە بەهەشتێک دەرکران تێیدا لە هەموو شتێک نەزان و بێ خـەبەر بوون، ڕووت و قـووت بوون و هەسـتـیـان پێ نەکردووە، لە هەمـووی سەرنجڕاکێشتر، مار کە دوژمنی سەرسەختی ژیانی مرۆڤە، بووە بە هۆکار و میکانیزمی ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرەی کە بەسەر مرۆڤدا هاتووە! مار ئەگەر لە ئەفسانەکەدا مرۆڤی لە نەمری بێ بەش کردبێ، لە ئاییندا ئەو هەڵەیەی خۆی ڕاست کردۆتەوە کـە هانی داون لەبەری ئەو دارە بخۆن و چاویان بکرێتەوە و ئاگایان لە هەمـوو شـتێک بێت! ئەو زانین و زانیـاری بە دەست هێنانە زۆریان لەسەر کەوتووە، بەڵام نەمری (مەعنەوی) بۆ دەسـتـەبەر کـردوون. ئایا بەخـتـەوەری و نەزانین لەلایەک، ئێش و ئازار و بەدبەختـییـە، لەلایەکەی تردا بەرانبـــەرن و لە دوو تـای یەک تەرازوودان؟! بە هەر لایەکـدا وەڵام بدرێتـەوە بە سـوود و قـازانجی تەوراتی مووسایییەکان ناکەوێتەوە! بەختەوەری نەزان لە هەر کات و جێگایەکدا بێ، نەزانە و هەرگیز بەپێی پێویست سوود لە بەخـتـەوەرییـەکەی نابینێ ئەگەر نەڵێین: شایسـتـەی بەخـتـەوەری نییـە! باشە مـرۆڤی دانا و زانا با لە هەر ڕەوش و دۆخێکدا بژی، دەکرێ لەگەڵ نەزانێکدا بەراورد بکرێت؟ چەند خـاڵێک وەک پرسـیـاری گـرێ کـوێرە دەمێننەوە و ناکرێنەوە و وەڵامی خۆیان دەستگیر نابێ:

**یەک:** بۆ دەبێ بوون و تـوانایی و ســـەروەری ڕەب توندوتۆڵ بە زانینی بەندەکـانیـــەوە بەندبێ؟ دەبێ بەندەیەکی نەزان چی لێ بکەوێتەوە؟

**دوو:** بۆ دەبێ مار بۆ گۆڕینی ئەو ڕەوشە هەڵبژێردرابێ و دەستنیشـان کرابێ؟ ئایا ئەوەی بێ بە مایەی گۆڕینی بارودۆخ و ڕەوش، شەیتان و مـارە، یان ڕکابەرە؟ دەکرێ ڕکابەر و «ئۆپۆزیسیۆن» هەمـیشە بە مـار و شەیتـان دابنرێت، چونکە سەرپێچی لە هەلومەرجی سەپێنراوی لە ئارادابوودا دەکەن؟

**سێ:** دەرکردنی لە بەهەشتێکی وادا کە مرۆڤ تێیدا ڕووت و قـووت و نەزان بووە، تەوەزەل و بێ کـار و بێ

بەرهەم، گۆڕینی بەمرۆڤێکی سەرزەوی کارگەر و بەرهەمهێن و داهێنەر کە بەڕەنجی شان و بازوو و ئارەقەی ناوچاوانی بژی، بۆ دەبێ لەو شانۆیە دزێوەدا بەرجەستە بێ؟! دانانی بەختەوەری ڕەها بەرانبەر بە نەزانینی ڕەها، بەهیچ بنەمایەک ڕەوا نییە و پاساو نادرێتەوە!

- ئەگەر لەلایەکی دیکەوە، لە ڕوانگەی فەلسەفەوە ئەو ڕووداوە شانۆییە لێک بدەینەوە و ڕەهەندە ئیپستمۆلۆجییەکانی بێنینە بەرچاو و شییان بکەینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامە.

٣- گەشەکردن و پەرەسەندنی زانینی مرۆڤ بەو پرۆسە ئاڵۆزە و کامڵ بوونی وردە وردەی جۆری بیرکردنەوەکەی ئەوجا ئەو هەوڵە ساکارەی داویەتی بۆ لێکدانەوەی دەوروبەر و شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان، ئاگادار و هۆشیاربوون لەوەی خواستی سەربەخۆی خۆی هەیە، خاوەن کەسایەتی خۆیەتی و ئامادەیی کارا و کاریگەری لە پرۆسەی ڕووداو و قەوماو و پێشهاتەکاندا هەیە، ئەو ڕەوشە نوێیەیان لێ کەوتۆتەوە کە دەکرێ بە سەرەتای زانینی میتودەیی دابنرێت:

**یەک:** لایەنی سروشتی کە دەفەوتێ و نامێنێ (لەمرۆڤدا)، بووە بە زانینی هەستەکی و ئامرازەکانی، دواتر هەست کردن بەوەی لە دەوروبەری دێتە پێشەوە و تێبینی کردنی ئەو گۆڕان و ڕووداوانەی لە ناخ و لەنێو جەرگەی شتدا سەرئاوادەکەون و دەقەومێن. سەرەڕای ئەو چارەنووسە ناچارییەی چاوەڕێی دەکات و شتەکان چیان لێ دێ و چیان بەسەردا دێت.

**دوو:** لایەنی پەی پێ بردنی زانینیانە (مەعریفی) و نەمری لە یاد و یادگاردا. ئەو زانینە ژیرەکییەیان (عەقڵی)یان لێ کەوتۆتەوە کە پشت بە توانایی مێشک و تێگەیشتن دەبەستێ و بۆتە مایەی ئەوەی پەردە لەسەر ئەو گەوهەرە بنەما بنەڕەتییە نەگۆڕانە لابدات کە لە پشت هەموو دیاردە ناجێگیر و گۆڕاوەکانەوە. لەو قۆناغەدا مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستێکی زانین و پەی بردن کە تێبینی هەستەکی بە تەنیا ناتوانێ پێی بگات.

- هەندێک جار دەگوترێ مرۆڤ دووچاری دەستی هەردوو جۆری ستەمی سروشتی و کۆمەڵایەتی بووە (بەڵا، نەهامەتی، کوێرەوەری، بێ دادی، نەخۆشی، بەدبەختی و چەرمەسەری، هەژاری و بێ دەرامەتی)، چۆن پێوەندی ئەو ڕەوشە بەوەی تا ئێستا گوترا، پاساو و لێکدەدرێتەوە؟ تا چەند دەکرێ لێرەدا قسە لە خواستی ئازادی مرۆڤ و ئۆباڵ کێشان و بە ئازادی و بێ تۆبزی چوونە ژێر باری ئەرک و فرمان بکرێت؟!

٤- لەو قۆناغەدا کە فەلسەفەی یۆنانی (سەدەی شەشی پێش زایین) پەیدابوو بە تەواوی زانین لەوەی پێشتر باس کرا، لە ناوەرۆک و ڕوخساردا جیاواز بوو، مرۆڤی یۆنانی ئەوسا کە دەستی بە فەلسەفەکردن کردووە، بیری لەوە نەکردۆتەوە بێتە ڕیزی خواوەندەکان، چونکە خواوەندەکانی یۆنانیش وەک ئەو مرۆڤ بوون، بەڵام مرۆڤی نەمر!

ناکۆکی نێوان کۆمەڵگا و سروشت وردە وردە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاڵۆزی بەرەو پێشچوونی ژیان و پێداویستییەکانی، لە فەلسەفەدا ئەو ناکۆکییە بووە بە ناکۆکی نێوان هۆشیاری و بوون. هەست کردن بە هەردوو چەمکی کات و جێگا بەدەرکەوتووە. لە سەرەتای چالاکی فەلسەفەکردندا مرۆڤ هەوڵی داوە ئەو گریمانەیە بکات کە کردار سەرەتای «بوون» بووە، ئەوجا کۆشاوە نەزم و بنەمای ئامانجەکی و هەماهەنگی و هارمۆنی بخاتە نێو ئەو ئاژاوەیەی سروشت کە بەرچاو دەکەوێ و سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ! ئەو هەوڵە لە ژمارە و هەماهەنگی و هارمۆنی ڕێبازی فیتاگۆرس، لە نموونەی بەرزی ئەفلاتوونی دانا، لە چەمکی «وێنەی» مامۆستای یەکەم ئەرستۆ کە هەیولای بێ وێنە دەگۆڕێ لە سروشتدا تاوەکو دەگاتە قانوونی هەمەکی و ناچاریی کە کۆنترۆڵی بوون و جیهان دەکەن، لە جیهاندیدی ڕیواقییەکاندا(١١) بەرجەستە بووە. ڕاستە پێشتر سۆفستاییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە لە جیهانی بەردەوام لە گۆڕاندا و ناجێگیر، ناکرێ زانینی دڵنیایی لێکراو هەبێ، ئەوەبوو ئەفلاتوون ئەو نەبوونی زانینی گومان هەڵگرەی بەجیهانی دەوروبەری هەستەکی پەیوەست کردووە و جۆری زانینی دڵنیایی لێکراوی بە پشکی جیهانی نموونەی بەرز داناوە. بەو پێیەی لە فەلسەفەی یۆناندا دوو ئاراستەی بەرانبەری هاوتەریب لە ئارادا و دەستبەکار بوون:

**یەک:** ئاراستەیەکی ڕیالیستی داهێنەری ڕەوتی فەلسەفە و ئاراستەی ئەزموونی و ڕێژەیی و زانستی پۆزەتیڤیستی- دواتر- ئەو ئاراستە، ئەگەرچی ڕێبازی

جۆراوجۆری تێدا بووە، تێبینی و سەرنجدان و هەستەکی کردووە بە ڕێگا و ئامرازی زانین، زانینی ئەو دەوروبەرەی سەرچاوەی چەمک و بۆچوونەکانە و هەمیشە لە گۆڕانی نەپساوەدایە، لە چوارچێوەی ئەو ڕەوتەدا دوو لایەن بەدی دەکرێن:

– لایەنێک زانینی ڕاست و گومان هەڵنەگر تەنیا بە هەستەکانەوە پەیوەست دەکات.

– لایەنەکەی تر، سۆفستاییەکانن باوەڕیان بە بوونی زانینی دڵنیایی لێکراوی ئەگەر و گومان هەڵنەگر نەبووە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Schnadelbach, H., Philosophie in Deutschland. Stw. 401. S.133-13.**

**2- Kaulbach, F., Einfuhrung in die Metaphysik- Wb 1989. S.202.**

**3- Pivcevic, E., Vom Husserl zu Sartre. List, Munchen 1972. S.21.**

**4- Scshlick, M., Allgemeine Erkenntnis. Stw 269.**

**٥- طه باقر: ملحمة گلگامش. ط٥، بغداد، ١٩٨٦، ص٤٣.**

**٦- هەمان سەرچاوە، ل١٢٥، هەروەها:**

**– د. محمد خليفة حسن احمد، الاسطورة والتاريخ في التراث الشرقي القديم، بغداد، ١٩٨٨ في أماكن شتى.**

**– فرانكفورت: ما قبل الفلسفة. ت: جبرا إبراهيم جبرا، بيروت، ١٩٦٠.**

**– د. علي حسين الجابري: الحوار الفلسفي بين حضارات الشرق القديم و خصارة اليونان، بغداد، ١٩٨٥، ص٨٠ ومابعدها.**

**7- Die BiBel: Erster Teil. Das alte Testament: Genesis: 2:16. (Wuppertal 2003).**

**8- Ebenda: 3:2.**

**9- Ebenda: 3:7.**

**١٠- يوسف كرم: تأريخ الفلسفة اليونانية، القاهرة، ١٩٧٠، ص٤٥.**

**– د.كريم متي: الفلسفة اليونانية، بغداد، ١٩٧١، ص١١٠.**

**11- Reichenbach. H.: Aufstieg der Wissenschaftlichen Philosophie. Hamburg 1969.**

**ئەو کتێبە کراوە بە عەرەبی:**

**– هانز رايشنباخ: نشأة الفلسفة العلمية. ت: د. فؤاد زكريا، بيروت، ١٩٧٩. ص٧٦.**